# بۆکان لە ئەمڕۆ و لە مێژوودا

نووسینی: تاهیر عەلیار بەشی 1-2

## حەسەنی قزڵجی

شار و ناوچەی بۆکان مەکۆی زانست و فەرهەنگ و ئەدەبی کوردی بووە و زۆر سیمای گەش و درەوشاوەی لەو بوارانەدا لە داوێنی خۆی دا پەروەردەکردوەکە پلە و پایەیان لەمێژووی ئەدەبیاتی کوردی دا دیارەو بەرهەمەکانیان بایەخی تایبەتی هەیە. یەک لەو کەسایەتیەپایەبەرزانە مامۆستا حەسەنی قزڵجیە. محەمەدی مەلاکەریم لەو پێشەکیەی بۆ چاپی دووهەمی کتێبی (پێکەنینی گەدا) بەرهەمی کاک حەسەنی قزڵجی دا نووسیویە ئاوای دەناسێنێ:

*"" حەسەنی قزڵجی یەکێکە لە بنووس و چیرۆکنووسە بەناوبانگەکانی کورد، هەر لەسەردەمی کۆماری مهابادەوە کە لە رۆژنامە و گۆوارەکانیا کاری ئەکرد تا ئەو دواییە کە کەوتە بەر شاڵاوی زەبروزەنگی رژیمی کۆنەپەرست و خوێنخۆر و فاشست مە شرەبی وڵاتەکەی ، هەر ئەوەندەی دەرفەتێکی دەسگیر بووبێ ، قەڵەمی لە نووسینی وتاری سیاسی و ئەدەبی و رۆشنبیری و چیرۆکی ریالیستی و وەرگێرانی ئەدەبی پێشکەوتخوازی جیهانی کول نەبوە.*

*لە پاش زیندەبەچاڵ کردنی کۆماری مهاباد و هێرشی راوەدوونانی ئازادیخوازانی ئەو مەڵبەندە، کاک حەسەن پەنای هێنایە بەر براکانی کوردستانی عێراقی و تا چەند ساڵیش پاش شۆرشی چواردەی تەمووز لە سولەیمانی و دێهاتی دەوروپشتی و لە هەڵەبجە و بەغدا بەسەری بردوەو لەگەڵ سەرکەوتنی شۆرش دا ئەویش وەک بنووسە نیشتمان پەروەرە کوردەکانی تر بەگەرم کەوتە نووسین و وەرگێران و بڵاوکردنەوە لە پێناوی سەرخستن و چەسپاندنی بیرو باوەڕی ئازادی و دیموکراسی و پێشکەوتندا.*

*بەڵام زۆری نەخایاند لەگەڵ گۆڕانی رێبازی ئەو شۆڕشەدا ، جێ بە حەسەنی قزڵجیش لەق بوو لە عێراق وەدەرنرا. ئیتر تا رووخانی رژیمی نۆکەر و کۆنەپەرستی شا ، لەئورووپا ئەژیا . بەڵام بەدرێژایی ئەو ساڵانەی ئورووپاشی لەگەڵ رۆژنامەو گۆوارە کوردیەکانی عێراقا هەر هاوکاریی کردووە و بۆی نووسیون و تەنانەت ئەو کۆمەڵەچیرۆکەی وا ئیستا بۆ دووەمین جار بڵاو ئەکرێتەوە، زۆریان لە پێشا لە رۆژنامەو گۆوارە کوردیەکانی عێراقا بڵاو کراونەتەوە و پاشانیش هەر لەعێراق کراون بەکتێب و بەکۆمەڵ بڵاو کراونەتەوە.*

*ئێمە لە گەڵ بڵاو کردنەوەی دووەمین جاری بەکۆمەڵی ئەو چیرۆکە ریالیستیە میللی یانەی کاک حەسەندا کە نموونەی چیرۆکی راستەقینەی بەئامانج و گەلپەروەرن ، گفتی ئەوەش بەخوێندەواران ئەدەین کەهەوڵ بدەین هەر دوابەدوای بڵاو بوونەوەی ئەو کۆمەڵە، چیرۆکەکانی تری و چیرۆکە وەرگێڕراوەکان و وتارەکانیشی کە لە پاش شۆڕشی تەمووزەوە تا گەڕانەوەی بۆ نیشتمان لەرۆژنامەو گۆوارەکانی عێراقا بڵاوی کردوونەتەوە، لەبەرگێکی ترا پێشکەشی خوێندەوارانی ئازیزی کوردیان بکەین .*

*ئێمە کە ئیستا ئەوچەند دێرە ئەنووسین ، نازانین ئاخۆ کاک حەسەن ماوە، وەک بەهیواین، یا لەژێر قامچی و حەیزەرانی جەندەرمە پیاوخۆرەکانی رژیمی درندەو کۆنەپەرستی ئێرانا ، گیانی پاکی پێشکەشی ئەو بیروباوەڕە نەتەوەیی و نیشتمانی و ئینسانی یە بەرز و باڵایانە کردوە کە ئەم هەموو ساڵە بۆیان ژیاوە و ئەرک و مەینەتی لە پێناویانا کێشاوە.*

*جا ئەگەر ماوە، با ئەم رەنجە بچووکەمانی بەنیشانەی وەفا و قەدرزانین پێشکەش بێ . خۆ ئەگەر گیانی پاکیشی سپاردوە ، دەبا بەڵگەی بیر نەچوونەوەی بێ و شایەتی ئەوەکەوا هەمیشەلەناو دڵ و دەروونمانا ئەژی.""*

(محەمەدی مەلا کەریم 1985)

مامۆستاحەسەنی قزڵجی ماوەیەکی زۆر لە زێد و شارەکەی خۆی نەژیاوە و دەربەدەر بوو، ئەو بەرهەمانەی لەکاتی کۆماری کوردستان دا بوویەتی دوای رووخانی کۆمار، بەهۆی زاڵ بوونەوەی دەسەڵاتی داگیرکەر لە کوردستاندا رێگا نەدراوە لە بەر دەستی خەلک دا بێ، دوای شۆڕشی گەلانی ئێرانیش کە کاک حەسەن گەڕاوە کوردستان بەهۆی ئەندام بوونی لەحزبی تودەی ئێراندا و ئەو کێشانەی حزبی تودە دەگەڵ جوولانەوەی کورد بووی، مەیدانی بڵاو بوونەوەی ئەدەبیاتی ئەو حزبە لە کوردستان بەرتەسک بوو و ئەو تەنگ و چەڵەمەیە بێشک بەرهەمەکانی ئەو ئوستادە موسەلەمەی

زمانی کوردییشی گرتەوە بۆیەهەموو بەرهەمەکانی نەناسراون و لەبەر دەست دانین و جێگای خۆیەتی کەسانی شارەزا و بە ئیمکان قۆڵی لێ هەڵماڵن و نووسراوەکانی ساغ کەنەوەو بیخەنە بەردەست ئوگرانی زمان و ئەدەبیاتی کوردیەوە. زمان و ئەدەبیات لە چوارچیوەی رێکخستنی حزبیی دا قەتیس ناکرێ و سنووری رێکخراوەیی ناناسێ و هەر مەجالی بۆ برەخسێ کۆمەڵگا دادەگرێ، ئەویش ئەو زمان و قەڵەمەی کە مامۆستا حەسەنی قزلجی بەکار هێناوە کە پڕە لە ئینسان دۆستی و رێز بۆکەسایەتی مەزلوومان و بەگژداهاتنەوەی زاڵم و داگیرکەر وملهوڕ . پڕە لە وشەی رازاوە و بەیانی جوان و ڕستەی ڕێکوپێک کە نموونەی سادەیی و لە هەمان کاتدا ڕەوانیی بەیان و گەیاندنی مەتڵەب و مەفهوومە. پڕە لە خۆشەویستنی کورد و کوردستان ورازاندنەوەی زمانی کوردی و جوان کردن و بەهێز کردنی ئەو زمانە.

بۆ ناسینی پێوەندیە کۆمەڵایەتی وئابووری و کولتووری و دیاردە فکریی و فەرهەنگیەکانی نەتەوەیەک یا کۆمەڵگا و ناوچەیەک تەنیا کتێبە مێژووییەکان نین کە ئەو مرادەحاسڵ دەکەن بەڵکوو ئەدەبیاتی ئەو نەتەوە، کۆمەڵگا و ناوچەیە دە توانێ سەرچاوەیەکی گرینگ بێ بۆ ناساندنی ئەو پێوەندیە جوراوجورو لێکگرێدراوانە. کتێبی (پیکەنینی گەدا ) بەرهە می فکری روون و قەڵەمی زێڕینی کاک حەسەن یەک لەو سەرچاوە گەشانەیە کە بۆ ناسین و ئاشنا بوون دەگەڵ لایەنە کانی ژیانی خەلکی ناوچەی بۆکان یاریدەدەریکی گەورەیە کە هەرچەند لە قالبی داستان و کورتە چیرۆکدا نووسراوە، بەڵام ئاوینەی ئەو دیمەنانەیەکە نووسەر بەچاو دەبینێ و مێشکی دادەگرێ و رێکوپێکی دەکا و لەرێگای نووسینەوە بۆ خەڵکی دەگێڕێتەوە. بۆ وێنە چیرۆکی (قورئان خوێندن لەجیاتی پارەی بەرتیل ) وەکوو نموونەیەک لەو کتیبەوە دە گوێزینەوە ئێرە. شوێنی ڕووداوەکان و کەسایەتیەکانی نێو ئەو چیرۆکەواقعین.

**قورئان خوێندن لەجیاتی پارەی بەرتیل**

[ پێش شەڕی دووهەمی جهانی بوو، رۆژێک سەعاتی 8ی بەیانی، گروهبان ڕەزایی، سەرۆکی پاسگەی ژاندارمەی بۆکان هاتە دایرە. چووە هۆدەی کارەکەی، لەپشت میزەکەی دانیشت، باوێشکێکی دا و جگەرەیەکی داگیرساند. دەستێکی دابوە بەر چەناگەی، بە دەستەکەی دیکەشی جاروبار جگەرەکەی دەنا بە لێویەوە و مژێکی توندی لێدەدا. دەمی دەکردەوە دووکەڵەکە لە سەرخۆ قەف قەف لە دەمی دەهاتەدەرێ. لە سەرمێزەکەوە بۆلای میچی هۆدەکە خەتێکی مارپێچی دەکێشا. دەتکوت کڵۆ جەڵووزێکی نەسووتاوە لە ناو مەنقەڵی زستانی ماڵە فەقیرێکدا دووکەڵ دەکا و لە تاوی سەرما دەرگا یا پە نجەرەناکاتەوە و بەدووکەڵەکە ڕازین.

لە ڕاستیدا دووکەڵەکە دووکەڵی عادەتیی جگەرە نەبوو، بۆچرووکیشی لێدەهات. کەسێ ناشارەزا بوایە وای دەزانی پاشماوەی دووکەڵی تریاکی شەو لە کەلێن و قوژبنی ورگی دا ماوەتەوە و ئێستا تێکەڵ دووکەڵی جگەرەکە دەبێ و دێتەدە رێ. بەڵام نەخێر، بۆچرووکی جەرگ و هەناوی بوو، ئاگر لە دەروونی بەربوو، خەم و خەفەت یا باشتر بڵێین ترس و خۆف ئارامی لێ هەڵگرتبوو . پەیتا پەیتا باوێشکی دەدا. وادیار بوو شەو نەخەوتبوو. ئیستاش بە یارمەتی جگەرەکێشان پەرۆش و پەژارەی شەوێ لەمیشکیدا لە بیژینگ و هێلەگ دەدا. دوای وت وویرەیەکی زۆر بەدەنگێکی سەرۆکانەنا، بە دەنگێکی لەعادەتی یش نەرمتر بانگی کرد :

حسێن قوڵی

حسێن قولی، کە لەهەموو ژاندارمەکان دەم راستتر و بەگوڕو گێچەڵ تر بوو، هاتەژوورەوە، تەق هەردوو ک لاقی لە یەک دا. دەستی راستی تا بناگوێی بەرزکردەوەو، بەدەستی لەبناگوێ نراوو بەورگی ئاوسایەوە دەتگوت کووپەی تڕخێنە یە.

ڕەزای: چەندی مانگە؟

حسێن قوڵی: بیست و سێی مانگە.

ڕەزایی، هەناسەیەکی درێژی هەڵکێشاو لە بەرخۆیەوە گوتی: یانی حەوتوویەکی ماوە. ئەمجار رووی کردە حسێن قوڵی: ئەم مانگە وەزعەکەمان زۆر شپرزەیە. ئەگەر معاشەکەی خۆشم و ئێوەشی بخەمە سەر دەری ناهێنێ . پێنج سەد تمەن لەکوێ بێنم ؟ بە ڕاستی بۆ ئێرە پێنج سەد تمەن زۆرە، بە تایبەتی لە بەهاردا، کە خەڵکەکە خۆشیان حاسڵی پارەکەیان تە

واو بووەو هیی ئەمساڵیشیان پێنەگەیشتوە، بەو کەژ و کێوانەدا بڵاو بوونەتەوەو خەریکی کار و کاسبین. نەشکات و شکات کاری هەیەو نەکێشەو هەرا.

حسێن قوڵی: دەی جا با ئەم مانگە هێندێک قەرزدار بین، لەپاشان دەیدەین.

رەزایی: شتێکی سەیرە، تۆ چەند ساڵە ژاندارمی، کە چی ئیستا قسەی ئاوا دەکەی. مەگەر نازانی سەرهەنگ ئەم جۆرە قسانەی بەگوێچکەدا ناچێ ؟ شتی وای پێ بگوترێ دەسبەجێ هەموومان دەگوێزێتەوە. لەوانەیە گێچەڵێکیشمان بۆ ساز بکا. ئەگەر شتومەکی خۆشمان فرۆشتبێ، دەبێ پارەکەی بۆ تەواو کەین. بەڵام ئەو قەرزەی دەیڵێی دەتوانین دەگەڵ خۆمانی بکەین، یانی ئەم مانگە هەر تەنیا بە معاشەکەمان بژین، وە لە پاشان تێی هەڵبێنینەوە.

حسین قولی : بەلێ بەڵێ، تێگەیشتم ، ئێستا پووڵەکەی سەرهەنگ چەندی کەمە؟

رەزایی: دووسەد تمەن.

حسێن قوڵی: خودا سەلامەتت کا ، دووسەد تمەن ئەوەی دەوێ ؟ مەئمووریەتێک بدەبەمن، مەئمووریەتێکێش بدە بە رە جەب قوڵی، پووڵەکەی سەرهەنگیش تەواو دەکەین و هێندێکیش بۆ ئێوە دەمینیتەوە.

رەزایی: ئەوەی دەمێنیتەوە بێ ئێوە نایخۆم، بەڵام لە حەوتوویەکدا ئەوە دەکرێ؟

حسێن قوڵی : بۆچی ناکرێ ؟ چارە نییە. ئێمە کە بووینەتە پیاوی دەوڵەت دەبێ زەحمەت بکێشین.

رەزایی: ئەوەندەی سەر دەهێنم و دەبەم ، ئێستا مەئمووریەتێکی وانییە کە ئەوهەموو دێهاتەی پێوە بگەڕێی . تەنیا دە وسیەی مازادی(1) پارەکەهەیە، ئەویش ئێستا بەم بەهارە مازادی چی؟ ئەگەر کارەکە زل بێتەوە و بگاتە شکات و هات و هاوار، تووشی مەینەتێکی زۆر دێین.

حوسێن قوڵی : نەخێر ، نایەڵم بگاتە شکات و شتی وا، خۆم دەزانم چ دەکەم . تۆ بۆم بنووسە.

رەزایی، دەوسیەی مازادی پارەکە دەردەهێنێ و دەڵێ : بۆکان چوار بلووکی هەیە: تورجان، یەلتەمر،یەختەچی، بەهێ. بەهەموویانەوە دووسەد و چل دێن.

حسێن قولی قسەی رەزایی بڕی و گوتی : نا ، نا .تورجان و یەڵتەمر رووتە و پووتەن . وا بە پەلە هیچیان لێ هەڵناوە رێ. من بنێرە بۆ یەختەچی. رەجەب قوڵیش بۆ بەهێ .

رەزایی بیرێکی کردەوە، دەستی دا قەڵەم و نووسی:

ژاندارم، حسێن قوڵی ، پێویستە بچیتە سەر خاوەن مڵکەکانی بلووکی یەختەچی. هەرکەس مازادی پارەکەی لەسەرماوە دەسبەجێ پێی بار بکەی و بینێری بۆ مهاباد . ئەگەر برووبیانووی هێناوە بیهێنی بۆ ئێرە.

حسێن قوڵی دووژاندارمی لە گەڵ خۆی هەڵگرت، تفەنگیان کردە شانیان و سواربوون رۆیشتن. دەیزانی کوێ بزوێنەو کوێ کرێنە. خۆی لەخاوەن مڵکە گەورەکانی کە دۆستایەتی یان لە گەڵ سەر لەشکر و سەرهەنگ و شتی واهەبوو بوارد، رووی کردە خاوەن ملکەناونجی یەکان . ئەوەی مازادی لەسەر مابوو 15،20تمەنی لێ ئەستاند . ئەوەی لە سە ری نەمابوو دەیگوت ناوت لەگەڵ ئەوانە هاتووە کە نەیانداوە. بچۆرە بۆکان لای سەرۆکی ژاندارم، بەشکەم لەوێ روون بێتەوە کە داوتە یان نا. ئەم، ئەولا، ئاخرەکەی بە،5 تمەن وازی دەهێنا کەئەو سەفەرەی وەبەرنەخا.

حسێن قوڵی بە،4 رۆژ دووسەد تمەنی کۆکردبۆوە. کەوتبوە کرۆکاشی زیادی. نێزیک نیوەڕۆ بوو گەیشتە گوندی کانی تۆمار. لەوێ نیوەرۆژی کرد و سەید حەسەنی خاوەن ملکی ئاواییەکەی هەڵپێچا کەبینێرێ بۆ بۆکان. سەید حەسەن لە کە مەوەو حسێن قولی یش لەزۆرەوە دەستیان کرد بەسەودا . لە دوای چەنەلێدانێکی زۆر لەسەر 10تمەن رێک کەوتن . حسین قوڵی 10تمەنەکەی وەرگرت و بەرەو حاجی کەند کەوتەڕێ. ئێوارەگەیشتەحاجی کەند . حەسەناغای حاجی کەند

له دیواخان له گەڵ چەندکەسی میوان دانیشتبوو. که له دوورەوە چاوی بەژاندارمەکان کەوت، دەسبەجێ میرزای بانگ کرد و کوتی : بچۆ بە هەر جۆریک بێ کارێکی وابکە بڕۆن ، با نەبنە مووی لووت لە میوانەکان.

میرزا بەپیریانەوەچوو، دەستی کرد بەسەودا کردن لەگەڵیان کە ئەو شەوەیان لێ بکرێتەوە. چەندەیان بداتێ لەوێ دانەبە زن و بچنە دێیەکی دیکە. حسێن قوڵی لەبیست تمەنەوەو میرزاش لەپێنج تمەنەوە دەستیان پێ کرد. ئەو تمەن تمەن دەهاتە خوارێ ئەمیش تمەن تمەن دەچووەسەرێ. حسێن قوڵی لەدوازدەتمەن پێی چەقاند . میرزا کەدیتی ئیتر فایدەی نی یە نایە تە خوارەوە، دوازدەتمەنی دایە. حسێن قوڵی وەری گرت و نایەباخەڵی . رکێفی لێدا و بەرەو دارەگردەڵە کەوتە ڕێ. کە گەیشتە ئەوێ ڕۆژ ئاوابوو . لە ماڵی مامە عەلی دابەزی . هەرچەندە دارەگردەڵە کوێرەدێیەک بوو، مامەعەلیش دەرک و دیواخانێکی وای نەبوو جێگای حەسانەوە بێ ، بەڵام شەو داهاتبوو، ژاندارمیش دەستی شەوی نییە، ناچار بوو لەوێ بمێنێتەوە.

سبەینێ حسێن قوڵی لەخەو هەلستا. بە بەر مالەکاندا ڕۆیشت بچێتە سەر حەوز و ئاوەکە دەم و چاوی بشوا . گەیشتە بەر دەرگای ماڵێک دەنگی قورئان خوێندن دەهات. لەوێ ڕاوەستا. بیری کردەوەو لە دڵی خۆیەوەکوتی : ئەمە هەرکەس هە یە، یان مەلایەک، یان حاجی یەک، سەیدێک ، شتێکی وایە. دەبێ شەپکەشی لەسەر دا نەبێ . کەوایە شتێکی لێ هەڵدەوە رێ.

فکرەکەی بەشێوەو ڕەوشتی ژاندارمە ڕاست بوو، چونکە دەوڵەت قانوونێکی دانابوو دەبوو هەموو کەس چاکەت و پانتۆڵ لە بەرکا و شەپکە لە سەر نێ. جل وبەرگی کوردی، کە بەرگی میللی کوردەکان بوو ، قەدەغەبوو . هەر کەس لەبەری دابوایە بە پێی ئەو قانوونە تووشی گێچەڵێکی زۆر دەهات .

حسێن قوڵی بێ پرس وڕا چووەژوورەوە. مەلا کەریم کەپیاوێکی پیر و ریش سپی و مەلای ئاوایی بوو، بەیانی نوێژی کردبوو، هێشتا لەسەر بەرماڵەکە بەرەو قیبلە دانیشتبوو قورئانی دەخوێند. پوورەمەنیجی ژنیشی چای لێنابوو، بە دیاریە وە دانیشتبوو، تا مەلا لەقورئان خوێندن دەبێتەوە.

مەلا کەریم کە دیتی بەم بەیانیە لە جیاتی خێر و بێر ئەو بەڵایەی لێ پەیدا بووە، سپی هەڵگەڕا و قورئان خوێندنەکەی لێ تێکچوو. بەخێر هاتنی حسێن قولیی کرد و بە مەلاژنی کوت چای تێ کا.

حسین قولی بەنیوە کوردی و نیوەترکی گوتی: چای ناخۆمەوە، دەچمەماڵی مامەعەلی ، خیرا خۆت سازکە دەبێ بێی بۆ بۆکان.

مەڵا: من لەرێی هیچ دانیم ، کارم بەچاک و خراپی دنیا نیە، پیر و پەک کەوتووم ، بۆچی بێم بۆ بۆکان؟

حسین قوڵی : گوێ نادەیە قانوونی دەوڵەت، نەشەپکەت لەسەرە، نەپانتۆلت لەبەرە، مەگەر ئەمە بێ قانوونی نیە؟

حەمەشەریف دراوسێی مەلا کە چاوی لێ بوو ژاندارم چووە ماڵی مەلا، دەسبەجێ هات بەشکەم بەهەر جۆرێک بێ مە لا لەدەست ژاندارم رزگار کا.

حەمەشەریف رووی کردە حسێن قوڵی :

کوڕە عەیبە چیت لەم پیاوەدەوێ، ئەمە لە کوێ بڕدەکا بێتە بۆکان ؟ وازی لێ بێنە. ئینساف شتێکی باشە.

حسێن قوڵی : من ئەو قسانەنازانم ، پیاوی دەوڵەتم . دەبێ فەرمانی دەوڵەت بەجێ بگەیەنم . حەمەشەریف حسێن قولیی بردە حەوشەکە، هێندێ سرتەی لە گەڵ کردو هاتنەوە ژوورەوە. حەمەشەریف گوتی : بەپێنج تمەن ڕازیم کردووە واز بێنێ. بزانن پێنج تمەنەکەی بۆ پەیدا کەن.

مەلاژن کە ئافرەتێکی پیر و ڕەق و ویشک بوو لە ترسانا دەلەرزی . بە زەحمەت هەستا و دەستی کرد بە پشکنینی پڕو پرێسکە. ئاخرەکەی دوو تمەنی دۆزی یەوە، دایە دەست حەمە شەریف و گوتی : بەخوا لەمەزیاتر لەماڵماندا نی یە. حە مەشەریفیش گیرفانی گەڕا تاقە تمەنێکی پێ بوو . دەری هێناو لە گەڵ دووتمەنەکەی مەلاژن دای بەحسێن قوڵی و

گوتی:  نی یانە، هیچیان نی یە، ئەوەتا بە بەرچاوی خۆتەوە من تمەنێکیان بۆ دەدەم ، منیش هەر ئەوەندەم پێ یەئەگینا درێخیم نەدەکرد.

حسێن قوڵی کەدیتی هیچی دیکەیان لێ پەیدا نابێ، سێ تمەنەکەی وەرگرت و رووی کردەمەلا :

مامۆستا ، لەبەر خاتری قورئانەکە ئەوە وەری دەگرم . دایکم دووسێ مانگە مردووە، لە جیاتی دوو تمەنەکەی دیکە قورئان بۆ دایکم بخوێنە.